# بەرهەمهێنانی گەڕەلاوژێ

## دارمانی دیوارەکانی ئاساییشی نەتەوەیەک و بیماری ویژدانەکان لە جەستەی دوعادا

ئیبراهیم مەلازادە

لەم نوسینەمدا، هەر خۆم قسە ناکەم. هەر دوعاش قسە ناکا، نەک هەر تاکەکانی ئەو نەتەوەیەش، بەڵکو هەموو تارماییەکانیشی قسە دەکەن. هەموو ئەو دوعایانەش قسە دەکەن کە لە ڕابردوودا لەبەر هەر هۆکارێک بێ کوژراون و لە داهاتووشدا دەکوژرێن.
نەتەوەیەک هەموو دەرگە و شیپانەکانی ناوماڵی لەسەر پشتن و واڵان، هەموو دیوارەکانیشی دارماون و هەموو خەوش و کەموکوڕیەکانیشی لەسەر تاشەبەردی گەورە نوسراون و دەنوسرێنەوە.
زوو ویستم وەکو هەموان شتێک بنووسم و ئەو تاوانە سەرکۆنە بکەم، لە ڕاستیدا قەڵەمم یەک دڵۆپە مەرەکەبیشی پێ ڕەوا نەبینیم بۆ نوسین. ئاخر کە نوسینێک شتێک لە واقیع نەگۆڕێ و وەکوو هەموو نوسینەکان بچێتە زبڵدانی مێژوو، درامای کوژران و دارزانیش هەر بەردەوام بێ، نەک هەر بەرامبەر ئافرەت، بەڵکو بەرامبەر زۆرێک لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، ئیتر بۆ نوسین؟ ئەوانەش کە دەسەڵاتیان هەیە نقەیان لێوە نایێ و ئامادە نین شتێکی بچوکیش لەو واقیعە وێرانەدا بگۆڕن.
شەهیدکردنی دوعا سیمبۆڵێکە باس لە نائارامی میللەتێک دەکات. میللەتێکی ویژدان بیمار، خۆبەکەمزان، تەنها لە ڕوودانی کارەساتیشدا بەئاگادێتەوە و بەدوای خۆدۆزینەوەدا دەگەڕێ، بەدوای دروستبووندا دەگەڕێ، بەڵام ئایا ئەو ڕێگایانەی کە گیراونەتە بەر و دەگیرێنە بەر بەرەو ئەو دروستبوونە دەیبەن؟. دروستبوونێک بەگەڕەلاوژێ. دروستبوونێک بەیەکتر تۆمەتبار کردن و هێرشبردنە سەر یەکتری و بە ئاژاوەی نێوان تیرە و هۆز و پێکهاتەکانی. ئەوەی ڕوودەدات و نووسینەکانیش دەریدەبڕن پێماندەڵێن ئاساییشی نەتەوەیەک نەک هەر لە مەترسی دایە، بەڵکو هەر بوونی نیە. دەستەڵاتی یەکێک لە پارچەکانی دەستەڵاتێکی داماو و ئیفلیجە، دەسەڵاتێکی شۆڕشگێر نیە و ناتوانێ ببێتە دڵ و چاو و ڕوحی نەتەوەیەکی داماو و بێ قەوارە.

ئایا کولتوری کوشتن لە دوعاوە دەستی پێکردووە؟ بۆ کوشتنی سەدان کچ و کوڕی ئەم میللەتە بە هەموو ئامرازە جیاوازەکان لە بیر دەکرێن؟ ئایا دین و مەزهەب و ڕێچکەکانی تری کۆمەڵگای کوردەواری پاک و بێگەردن لە ئاست ژنان و تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگا؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دان بە گووناهەکاندا بنێن و بەخۆدابچنەوە؟.
کولتووری خەڵکی کوردستان تا چرکەساتی ئەمڕۆکەش کولتورێکی پاواننەکراو بووە، کاریگەری هەموو کولتورەکانی دەوروبەری لەسەرە و تێکەڵەیەکی نادروستی شێواوی ناشیرینکراوە و تەنانەت شتە جوانەکانیشی ئاڵۆز و ناشیرین بوون. تاوانی کوشتنی دوعا تەنیا دەرهێنانەکەی جیاواز بوو لە سەدان و هەزاران ئەو تاوانانەی کە ڕۆژانە لە دونیای کوردەواریدا بە شێوەیەکی تایبەت و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بەشێوەیەکی گشتی و لە سەرانسەری دونیاشدا بە شێوەیەکی فراوانتر ڕوودەدەن.
مرۆڤ کە لە دایک دەبێ وەکو تاکێکی ڕووت پەروەردە ناکرێ. ئەو تاکە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کولتوور و سیستەمەی کە لە کۆمەڵگادا پێڕەو دەکرێ و ڕۆژانە دەپیرۆزێنرێ. هیچ

تاكێک كە لە كۆمەڵگاكەی خۆیدا چاو دەكاتەوە ئازاد نیە لە هەڵبژاردنی ئەو دینەی كە خۆی دەیەوەێ، لە هەڵبژاردنی ئەو ڕەنگەی كە خۆی حەزی لێدەكات. بەڵكو بەپێی پرەنسیپ و پێڕەوەكانی ئەو دینەی كە دایک و باب و كۆمەڵگا هەڵی گرتووە تاكەكان جۆش دەدرێن و لە قالب دەدرێن. كاتێک ئەو تاكە هۆشی بۆ دروست دەبێ و هێڵە ڕەش و سپیەكان لێک جیا دەكاتەوە خۆی لە ناو كۆمەڵێک كۆت و پێوەند دەبینێتەوە، خۆلێڕزگاركردنی ئەستەمە و خۆهەڵوەشاندنەوەی و دەرچوونی لە قالبەكان زۆربەی جاران بە لەدەستدانی ژیان كۆتایی دێ. بۆیە دەبینین ئەكتەرەكان دەیانەوێ گۆڕان بە گەڕەلاوژێ بەرهەم بێنن، چاكسازی كولتوریش بە سۆز و هات و هاوار دەستپێبكەن. بەڵام ئەگەر ئەكتەری كورد سەرنج بدات بۆی ئاشكرا دەبێت كە گۆڕانەكانی دونیای مۆدێرن بە گەڕەلاوژێ نەبوون، بەڵكو زانا و ڕاڤەكار و تێكۆشەری گەورە و لێهاتوو خۆیان كردووە بە قوربانی ئەو گۆڕانە و نەوەكانی ئەمڕۆش لە هەندێ لەو كۆمەڵگایانە بەرهەمەكەی دەخۆن.

زۆرینەی تاكە جۆشدراوەكان بەو جۆرە كولتورانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵگری كاراكتەرەكانی بكوژانی دوعان و لە سیماتە گشتیەكان مسوڵمان و كریستیان و ئێزیدی و هەموو كەمایەتیە دینی و ئێتنیكیەكان لەیەک دەكەن و لە بەرامبەر یەكتریدا هەڵگری ڕق و قین و هەڵوێستی لە پێشینەن، واتە كێشەكە لە ئەقڵ دایە، لە شێوازی بیركردنەوە دایە. گوومانیش لەوە دانیە كە خەڵكانێكی هوشیاری ئێزیدیش هەن كە ویژدانیان تا سەر ئێسقان ئازار دەچێژێ بەو تاوانە و ڕازی نین لە زۆرێک لەو فاكتەرانەی كە ئەو كولتوورە داخراوەی كۆمەڵگاكەیان پێیەوە دەناڵێنێ. بۆیە قۆستنەوەی تاوانێكی ئاوا لە لایەن پێكهاتەیەک لە دژی پێكهاتەیەكی دیكە جیگای پێكەنین و گریانە. جێگای پێكەنینە كە هەر پێكهاتەیەک خەوش و نەخۆشیەكانی خۆی نەبینێ و لە پێكهاتەكانی تر لە هۆیها بدات و پێی بڵێ بزانە من لە تۆ باشترم، تۆ خراپی، لەسەر دینی من نیت بۆیە ئەو ڕەفتارە لەناوتاندا ڕوو دەدات. جیگای گریانیشە كە ئەویش هەڵگری هەمان كاراكتەرەو بەخۆی نازانێ و ئامادەش نیە خۆی بە نەخۆش دابنێ بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. ئەگەر لە خاوەنی ئەو دەیان نوسینانەی كە لەسەر دوعا بڵاوكراونەتەوە بپرسین: چەندیان ڕازی دەبن خوشكیان مێرد بە كوردێكی ئێزیدی بكات یا بە كریستیانەک بكات؟ چەندیان ڕازی دەبن ئەگەر خوشكیان بە هەمان ئەو ڕەفتارە هەڵسوكەوت بكات كە دوعا كردوویەتی؟ جڵەوی قسەكەشم بە تایبەتی ڕوو لەو ئیسلامیانەیە كە ئێستا شین و واوەیلایانە بۆ كچە ئێزیدیەک كە گوایا مسوڵمان بووە. كێیان ئەو ڕەفتارە بۆ خوشک و كچ و نزیكێكیان ڕێپێدەدات؟ كێیان هەڵگری هەمان ئەو كاراكتەرانەی بكوژانی دوعا نیە لە حاڵەتی ئاوادا؟ ئەوانەی لە شارو شارۆچكەكانی كوردستان هێرش دەكەنە سەر ئێزیدیەكان كێیان هەڵگری هەمان كولتور و هەمان كاراكتەر نین؟ دەبێ یەكێک هەبێ لەوی تریان لێبووردەتر بێ و میهرەبانتر بێ؟ تەنانەت چەپەكانیش كە خۆیان بە پێشكەوتنخواز دەزانن حاڵیان لەوانی پێشوو باشتر نیە.

پرسیاری هەرە گەورەش ئەوەیە: دەسەڵاتی كوردی لە كوێیە لەو هەموو گەڕەلاوژێیەدا؟ ئەو ڕووداوە دەیسەلمێنێ كە دەسەڵاتی كوردیش دەسەڵاتێكی ئیفلیجە و ناتوانێ بە مووش شتێک لە واقیعی كۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و سیاسی بگۆڕێ. هەموومان دەبینین ناجوریەک و پەشێویەک هەموو جومگەكانی ئەو كۆمەڵگایەی هەراسان كردووە و كەسانێک هەن لەسەر ئەو هەراسانیە دەژیێن. ئەمڕۆ كەسانێكی ڕێكخراو هەن كولتووری توندوتیژی گەشە پێدەدەن. ڕق بڵاو دەكەنەوە. لە

**کەشوهەوای لێبووردەییدا دەمرن و ناژین بۆیە تا دوا هەناسەیان لە هەراسانکردنی کۆمەڵگا ناوەستن.**

**هەرچەند بیر لەو ڕووداوە دەکەمەوە کە بێشکچی لە بەندیخانەدا دەیگێڕێتەوە، کەساسی مرۆڤی کوردم دێتە بەر چاو و بێ خاوەنی ئەو میللەتە کێشەکان مەزنتر دەکات. بێشکچی لەگەڵ چەند کوردێک لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم لە گرتووخانە بەیەکەوە دەبن، ڕۆژێکیان ئاگاداری کوردە دیلەکان دەکەنەوە کە ئیتر نابێ بە کوردی قسە بکەن ئەگینا دەیانبەنە ژووری تاکە کەسی، هەموویان ڕازی دەبن و کەسیان نقەی لێوە نایەت. دوای ماوەیەکی تر جلی تازەیان بۆ دەهێنن و پێیان دەڵێن دەبێ ئەو جلە کوردیانە دابکەنن، ئەگینا دەتانبەینە ژووری تاکە کەسی، هەموویان ڕازی دەبن و جلە کوردیەکانیان دەبەن. دوای چەند ڕۆژێکی تر داوایان لێدەکەن دەبێ سمێڵەکانیان بتراشن. ئیتر کوردەکان لە گرتووخانەدا دەکەن بە هەرا و هەموویان ڕازی دەبن بچنە ژووری تاکەکەسی، بەڵام هەرگیز ڕازی نابن سمێڵیان بتراشن. ئیتر بەداخەوە بەلای خەڵکی کوردەوە نە زمان و نە جلوبەرگ شەڕەفن، بەڵام سمێڵ شەڕەفە. تەنانەت خۆ فرۆشتنیش بە دوژمن لای ئەو ئەو جۆرە کوردانە بێشەڕەفی نیە بەڵام کچێک یا کوڕێکی بەستەزمان دەکەوێتە ژێر یاسایەکی کۆمەڵایەتی توندوتیژ کە هەر ئەو سمێڵ فشانە بەرهەمیان هێناوە. کاتی خۆیشی جاشەکان جوانترین و بە نرخترین جلی کوردیان لەبەر دەکرد و زۆریان لەدوای مەلاکان دەڕۆیشتن، بەڵام ڕاوە پێشمەرگەشیان دەکرد، بە ئاشکرا خەڵکیان بە کوشتن دەدا و بەرگریان لە مانەوەی داگیرکەر دەکرد، چەندین جار خەڵکی شوان و گاوانی ناوچە شاخاویەکانیان دەگرتن و دەیاندانە دەست ڕژێم بە ناوی پێشمەرگەوە. یەکێک لەو برادەرانەی لە ئەوروپا دادەنیشی بۆی گێڕامەوە کە چووبووەوە لە دانیشتنێکدا یەکێک پێی گووتبوو، سمێڵ هی پیاوە ئێستا جیاوازی تۆ و ژنێک چیە کوڕم؟. ئیتر ئەم کاراکتەرانەن کە مرۆڤی کورد دروست دەکەن، نێری ڕقەستووری ناهەش. کە هیچ شتێک لەگەڵ لێبووردەیی و هوشیاری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی کۆی ناکاتەوە، بێجگە لە کاراکتەرەکانی ئاغای نەخوێندەوار و سەرۆکی تاکڕەو و خێزان و خێڵ و حیزب. بۆیە ناحەقی کەس نیە بڵێ ئەکوا ئەو نەتەوەیەی کە بە سیماتە جوانەکانی نەتەوەیی بوون دەنازێ؟ ئەکوان ئەو تاکانەی کە ئازادن و نەتەوەیەکی ئازادیش پێکدەهێنن.**

**میدیای کوردی و کۆمەڵێک قەڵەم بەدەستی کورد و تەنانەت هەندێ لایەنی سیاسیش بە شێوەیەکی بێسەروبەر و بێ خۆپاراستن لە گشتگیری کەوتنە ناوزڕاندن و بەدکردنی بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی خەڵکی کوردستان کە کوردە ئێزیدیەکانن. بەڵام کەم هەبوو بپرسێ کوردە ئێزیدیەکانیش لە مەریخ نەهاتوون، کوڕی هەمان ئەو کێڵگەیەن کە هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەیان بەرهەم هێناوە. کەم نەبوون ئەو تاوانانەی کە بەناوی شەڕەف و نامووس ئەنجام دراون، زۆرجارانیش شێوەی تاوانەکە هیچی کەمتر نەبووە لەو شێوەیەی کە بە دوعای شەهید کراوە، بەڵام میدیا نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی ببینێ، زۆرێکیش لەقەڵەم بەدەستان لەبەر هەر هۆیەک بووبێ بەو شێوەیان نەکردووە کە ئەمڕۆ دەیکەن. ئەم هەژانەی تاکی کوردیش هەژانێکی سۆزدارانەی لە دوا ساتدا خۆ بە ڕیسوا زانینە، وەکو بەڕێز عادل باخەوان لە بابەتێکی سەبارەت بە کێشەی دوعا باسی لێوە دەکات. بەڵام گوومانم لەوە نیە کە سۆزێکی کاتیە و بەدووری نازانم کە زۆرێکیش لەو سۆزدارانە هەمان ڕەفتار ئەنجام بدەنەوە ئەگەر بە پێوانەی جیاوازیش بێ لە دژی خیزانیان، خوشکیان و کچ و هەر نزیکێکیان کە دەستیان**

پێڕابگات. چونکە ئەگەر ئەنجامدانی تاوانێکیش تا تاوانێکی تر جیاواز بێت، خۆ لە ئاکامدا ئەو مرۆڤێکە بە ناهەق ژیانی لێدەسەنرێتەوە. ئەگەر ویژدانی ئێمە بەرامبەر شێوازێک تا شێوازێکی تر بە ئاستی جیاواز بکەوێتە ئازار، بەڵام بۆ ئەو قوربانیەی کە لەناو دەبرێ جیاوازی نابێ، یەک ئاکامە و ئەویش کۆتایی پێهێنانیەتی، دوڕوندەیی ئەو بکوژانەیە کە ئیتر مافی ژیان بەو کەسە ڕەوا نابینن کە لە دیدی ئەوان شەڕەفی ئەوان یا کەڕامەتی ئەوانی پێشێل کردووە. بۆیە ڕۆژان دەکوژرێ، کەپ و لێوی دەبڕدرێن، مەمکی دەبڕدرێن بەڵام ئەو هەرایە دروست نابێ، چەندین تاوانی ئاوامان لە ڕابردوودا بینیوە و زانیوە، بەڵام بە ئاسانی لەبیرکراون. لە ئەوڕوپا دەیان تاوان بەرامبەر ئافرەتی کورد ئەنجام دراون، ئەگەر باسیشیان کرابێ و خەڵکیش بەرامبەری هەژابێ بەڵام دوایی لەبیرکراون. تاوانی کوژرانی کچە کوردێک لە بەریتانیا، فڕێ دانی لە بەرزاییەکی بڵندی کۆشکێکەوە لە لایەن کەسێکی لە بنەڕەتدا چەپێکی توندڕەو، کە هەڵگری هیچ دینێک نەبووە چیدەگەیەنێ؟ ئەی ئەویش دەرچووی هەمان ئەو پانتاییە نیە کە بکوژانی دوعای لێوە دەرچوون؟ خۆ ئەو کەسانەی کە 89 سەرە چەقۆیان لە ژنێکی خۆیاندا لە هۆڵەندا و بە ناشیرین شێوە کوشتیان ئەهلی مزگەوت و جومعە و جەماعات بوون، بەڵام چونکە میدیا گرنگی پێنەدا بەئاسانی تێپەڕی، ئەی کوژرانی فاتیمە شاهیندالْ بۆ لەبیر کراو ویژدانی ئەو هەموو قەڵەم بەدەستانە لە کوێ بوو. ئەی ئەو هەموو ژنانەی کە ڕۆژانە بە غاز و پرێمز دەسووتێن چۆن لێکدەدرێتەوە؟ بۆ جارێک ناپرسن ئەرێ گەلۆ ئەو سووتانە هەر بنی نەهات؟ بۆ پیاوێکیش بە غاز ناخنکێ و کۆتایی نایەت.

توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت کولتورێکە لە جیناتەکانی هەڵگری هەموو خاوەن ئایین و ئایینزاکاندایە، چونکە لەسەر بنەماکانی پیاوسالاری داڕێژراون. بۆیە کەسێک نیە لە کۆمەڵگای ئێمە بێتاوان و بێگووناه. ئەگەر لە مێژووی کورددا شۆڕشی چەکداری کرابێ و بەرهەمەکەی ئەو بەشە ڕزگارکراوەی باشووری کوردستانە و دەموودەزگاکانی هەرێم بن، بەڵام شۆڕشی ڕۆشنبیرکردنی مرۆڤی کورد تا هەنووکەش نەکراوە. شەڕی ناوخۆ کولتووری توندوتیژی بەرامبەر یەکتر و بە تایبەتیش بەرامبەر ئافرەت گەرمتر و خۆشتر کرد، حیزبە کوردستانیەکان بەتایبەتیش دەسەڵاتدارەکان کێیان خاوەنی پرۆژەیەکن بۆ ئەو شۆڕشە؟ نەک هەر ئەوە بەڵکو زۆرجاران بەخۆیان هەڵگری ئەو توندوتیژیەن، بەخۆیان بەر لە هەمو کەس بێڕیزی بەرامبەر ئافرەت دەکەن. بەداخەوە پیاوی کورد لەبەرامبەر ژندا خۆی بەخوا دەزانێ، بەڵام کەسێکی کورتەباڵا و بچووکە بەرامبەر بێگانە، لەگەڵ یەکتریش ڕقئەستوور و سەرسەختن. بە پێچەوانەی گەلانی دونیا کە لەگەڵ یەکتر بەسۆز و میهرەبان و لەبەرامبەر دوژمنیش ڕقئەستوور و سەرسەختن.

میللەتێک لەبەرامبەر بەرپرسیاریەتێکی گەورە دایە، هەروەکو ڕووبەڕووی مەترسی گەورەش دەبێتەوە. میللەتێک تا ئێستا لە ژانی لەدایک بوون دایە، سیماتەکانی نەتەوەیی بوونی هێشتا لە گۆڕان و لە جموجۆڵدان. بەڵام ئەو گۆڕانە بەرەو هەڵدێری هەڵوەشانەوە مل دەنێ نەک بەرەو دروست بوون.

ئەو گەڕەلاوژێیەش لەسەر زەوی و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و لە تۆڕی ئینتەرنێتیشدا بە ئاشکرای دەبینرێ. تاکی کورد لە دەسەڵاتدارەوە تا بە میدیا تێپەڕ دەبێ و تا دەگات بە ڕۆشنبیر و

به ڕاڤەکار و مامۆستاکان و تێکڕای ناوەندە زانستیەکان، پێویستە وریا بن و پلان بۆ گۆڕینی خاڵە نێگەتیفەکانی کولتوری کۆمەڵگا دابڕێژن. ئیش لەسەر تاکی کورد بکەن بۆ دەرهێنانی لەو زۆڵکاوە قێزەونەی خۆ بە خوا زانین بەرامبەر ئافرەت، یەکتر قبووڵنەکردن، تەمبەڵی و چاوەڕێکردنی ئەوانی دی بۆ یارمەتیدان، ڕێزنەگرتن لە یاسا، بڕوابەخۆ نەبوون و چەمانەوە بەرامبەر بێگانە و کۆمەڵێک کاراکتەری نێگەتیفی تر کە لێرە ماوەی باسکردنیان نیە.

* ئەم بابەتە لە دوا ژمارەی (289) ڕۆژنامەی میدیا بڵابۆتەوە.